## به ناوی خوای گەورەو میهرەبان

**به ناوی گەلەوە**
**ئه نجومه نی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ١٨**
**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/٩/٢٧**

**(( بـڕیـــار ))**

پشت بەو یاساکارییەی کـە ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق لـە دانیـشتنی ژمـارە (٥)ی رۆژی (٢٠٠٠/٩/٢٧)یـدا ئـەنجامی داوەو ، بـەپێی حـوکمی بڕگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٩٢)و ، بـەپێی ئـەو دەسـەڵاتەش کـە بڕگـە (٣)ی ماددەی دووەمـی یاسـای ژمـارە (١٠)ی سـاڵی (١٩٩٧) پێمـانی داوە ، بڕیـاری دەرهێنـانی ئـەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٠)
## یاسای ڕێکخستنی غەرامەکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا

**یەکـــەم:**

هەر کەسێ ، لەکارێ لەم کارانەی خوارەوە تێوەگلێ بەم غەرامەیـە سـزا دەدرێ کـە بەرامبـەری دیاری کراوە :

١.ئۆتـۆمبیلێ بـاژوێ لەوحـەی تۆمارەکـەی روون و ئاشـکرا نـەبێ یـا فـەوتابێ غەرامەکـەی (٥٠) پەنجا دینارە.

٢. ئۆتۆمبیلێ باژوێ لەوحەی تۆماری نەبێ غەرامەکەی (٢٠٠) دووسەد دینارە .

٣. ئۆتۆمبیلی گەورەی بارهەڵگر و هی ئینشائی و کشتوکاڵی یا پاسی گەورە ، لە کۆڵانـەکان یـا شەقامەکانی ناوەوە و ناوچە نشینگەکاندا بەجێبهێڵێ یـان شـەو لـەو جێگایانـەدا بیهێڵێتـەوە ، غەرامەکەی (٧٥) حەفتاو پێنج دینارە ، بـەڵام ئەوانـە ناگرێتـەوە کـە ماوەیـەك ، هـەر هەنـدەی بەشی بارداگرتن یان بارکردن بکات ئۆتۆمبێلەکانیان دەوەستێنن .

٤. ئۆتۆمبیل ڕاگرتن لەسەر شۆستە غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .

٥. ئۆتۆمبیلێ لەجێگایەکدا بوەستێنێ کە بۆ وەستاندنی ئۆتۆمبێل قەدەغە کرابـێ ، یـا لـەڕێزی دووەمدا ((هاوشان)) بیوەستێنێ ، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .

٦.ئاڵووالای ڕازاندنەوە ، یاهی ڕاگەیاندن ، یان نووسـین و وێنـە ، لەسـەر بـۆدیی ئۆتۆمبیـل یـان پەنجەرەکانی پێشەوەی یان دواوەی دابنێ ، غەرامەکەی (٣٠)سی دینارە .

٧.شەوقی بەرز ، بەجۆرێ هەڵکا ، سەر لەشـوفێری ئۆتۆمبێلـەکانی تـر بـشێوێنێ ، غەرامەکـەی (٥٠) پەنجا دینارە .

٨.لەجادەکانی دەرەوەی شاردا ، ئەو ئۆتۆمبیلانەی پشتێنی دڵنیاییان تێدایەو ، نەیانبەستبێ ، غەرامەکەی (١٠)دە دینارە .
٩.لەو جێگایانەدا ، هۆڕن لێبدا کە پۆلیسی هاتوچۆ هۆڕن لێدانی تێدا قەدەغە کردبێ ، یان ئامێری هۆڕنی هەوایی ، یان هی هەمە ئاواز بخاتە کار ، یان (( سەمماعە ))ی گەورە لە دەرەوەی ئۆتۆمبیل دابنێ ، یان هۆڕن بەدەنگی بەرز لێبدا ، یا هۆڕنی وەکو دەنگی گیانەوران بەکاربێنێ ، غەرامەکەی (٧٥) حەفتاو پێنج دینارە .
١٠.شووشەی لێڵ و چاوبەستی لە پەنجەرەکانی ئۆتۆمبیلەکەی گرتبێ ، غەرامەکەی (٢٠٠) دوو سەد دینارە .
١١.پەردەی قوماش ، یا پەردەی کانزای چاوبەستی لە شووشەکانی دواوە یا لە شوشەکانی لاتەنیشتی ئۆتۆمبیلەکەی گرتبێ ، غەرامەکەی (٢٠٠) دوو سەد دینارە.
١٢.بەکەمتەرخەمی ، یان بەلاساری ئۆتۆمبیل باژوێ ، غەرامەکەی (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دینارە .
١٣.هەر شوفێرێ بۆ ئیشارەتی گڵۆپەکانی هاتوچۆ ، یان بۆ ئیشارەتی پۆلیسی هاتوچۆ ملکەچ نەبێ ، غەرامەکەی (١٠٠)سەد دینارە .
١٤. ئۆتۆمبیل بە پێچەوانەوەی ئاڕاستەی هاتوچۆ ، کە دەسەڵاتی هاتوچۆ دیاریی کردووە ، باژوێ ، غەرامەکەی (٢٠٠) دووسەد دینارە .
١٥.هەر شوفێرێ ، لەشانی ڕاستەوە پێش ئۆتۆمبیلێکی تر بکەوێ و بەهەڵە تێپەڕێ ، غەرامەکەی (١٠٠)سەد دینارە .
١٦.بەرزکردنەوەی باروبارخانەی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر ، بەرزتر لەو ئاستەی کە پۆلیسی هاتوچۆ دیاریی دەکا ، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .
١٧.باروبارخانەی ئۆتۆمبیلەکەی بە جۆرێکی توندو تۆڵی ئەوتۆ دانەپۆشیبێ کە نەیەڵێ لەکاتی ڕێکردن یان لەرینەوەدا ، بارەکەی بپەڕێ یا بڵاوبێتەوە ، یان بەربێتەوە ، غەرامەکەی (١٠٠) سەد دینارە .
١٨.لەو جێگایانەوە پێچ بکاتەوە کە ڕیگای پێچ کردنەوەی پێ نەدراوە ، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .
١٩. ئۆتۆمبیل بە خێراییەك ، زیاتر لەو خێراییە باژوێ کە یاسا دیاریی کردووە ، غەرامەکەی (٥٠) پەنجا دینارە .
٢٠. ئۆتۆمبیلێ باژوێ شەرتوشروتی توندوتۆڵی و دڵنیایی تێدا نەبێ (( کەموکوڕی لە گڵۆپەکانی پێشەوە ، یا دواوەی ، یا ئیشارەتەکانی لاتەنیشتەکانیدا هەبێ )) غەرامەکەی (١٠٠) سەد دینارە .

**دووەم :**
١.هەریەکە لە ئەفسەری هاتوچۆ و قۆمیسەر(مفوض)ی تا پلەی دووەمی هاتوچۆ ، دەسەڵاتی دادوەریان پێ دەدرێ ، بۆ ئەوەی سزاکانی ئەو سەرپێچییانەی کە دەیگرن و لەبەندی (یەکەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە ، بسەپێنن .
٢.ئەو بڕیاری حوکمەی کە ئەفسەری هاتوچۆ یان قۆمیسەری پلە دووی هاتوچۆ بەپێی ئەم فۆرمە (نموذج)ی هاوپێچ لەگەڵ ئەم یاسایەدایە ، دەیدا ، بڕدراوەیەو ، هەر ئەوەیە .

**سێیەم :**
لە (٢٥ ٪)ی ئەو غەرامە فەوریانەی کە وەردەگیرێن بۆ کارمەندانی هاتوچۆ تەرخان دەکرێ.
**چوارەم :**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ، کاری پێ ناکرێ .
**پێنجەم :**
وەزیرە پێوەندیدارەکان ، دەبێ حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار .
**شەشەم :**
ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی ڕەسمیدا ، دەخرێتەکار .

**د. رۆژ نــوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ١٩**
**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/١٠/١**

(( **بــڕیـــار** ))

لەســەر ئــەو یاســاکارییەی کــە ئەنجومــەنی نیــشتمانیی کوردســتانی عێــراق لــە دانیــشتنی ژمــارە (٦)ی رۆژی (٢٠٠٠/١٠/١)یــدا ئــەنجامی داوەو ، پــشت بــە حــوکمی برگــە (١)ی مــاددەی (٥٦) لــە یاســای ژمــاە (١٩)ی هــەموارکراوی ســاڵی (١٩٩٢)و ، بــە پێــی ئــەو دەســەلاْتەی کــە برگــە (٣)ی مــاددەی دووەم لــە یاســای ژمــارە (١٠)ی ســاڵی (١٩٩٧)پێمــانی داوە ، بریــاری دەرهێنــانی ئــەم یاســایەی خوارەوەمان دا :